ڕێبەری پراتیکی بۆ پارێزەر 1

# ڕێگاکانی
# تانەلێدان لەداوای مەدەنی

ئامادەکردنی: پارێزەر ئاراس قادر

## پێشەكـــی

ئامانجی بنەرەتی دەسەلاَتی دادوەری زەمانەتی پاراستنی مافە یاساییەكانی خەلَكیە.یاسای دادبینی شارستانی ئـەو یاسایەیە ڕێوشوێنی دادوەری ڕێك دەخات لەبەر ئەوە پێویستە هەموو كەلێنەكانی رووی شكلَی دادوەری پڕبكاتـەوە بـۆ ئـەوەی ئامانجەكـە بێتـەدی و دادوەران بتـوانن بـەهۆی ئـەم یاسـایەوە بڕیارەكانیـان بـە پـوختی و خێرایـی و عادلانـە دەربكەن.

یاسا بریتییە لە روكەش و ناوەرۆك (الشكل والموضوع).تەنها یاسـایەك كـە لایـەنی شكلی دادبینـی لـە دادگـاو لـە داوا مەدەنیەكاندا ڕێكخستووە ئەم یاسایەیە . پاراسـتنی مـافی یاسـایی بـەوە دەسـت پـێ ئـەكات كـە ئـەو ڕێوشـوێنە دیـاری بكەیت كە دادوەران و پارێزەران بتوانن بەهۆیەوە دادپەروەری بـەدی بهێـنن و مافـەكان بدرێنـەوە بـە خاوەنـەكانیان تـا هاولاَتیان هەست بە ئارامی و سەرفرازی بكەن.

لەسـەر پـارێزەران پێویسـتە شـارەزاییەكی باشـی ئـەم یاسـایەیان هـەبێت تـا بەهۆیـەوە چۆنیەتی تۆمـاركردنی داواو دادگای تایبەتمەندو داواو داواكاری و بەرگریەكان پێشكەش بكەن ,چۆن رەخنە لە بڕیارەكان بگـرن ,كەواتـە ئـەم یاسـایە وەكو دارعەصای دەست وایە ,خوێندنەوە و شیكردنەوەو ووردبوونەوە لە دەقەكانی ئەم یاسایە كارێكی بـەردەوام و پێویستی هەموو ئەو كەسانەن لە بواری دادپەروەریدا كار ئەكەن.

هیـوادارم بتـوانم تروسكایی مـۆمێكی نیـوە گیـان بخەمـە سـەر گۆڕەپـانی پـان و بـەرینی ئـەم بەشـەی زانستی یاسـاو بێگومان بەدەر نابێت لە كەم و كوری .

لێرەدا من تەنها باسی هۆو ڕێگەكانی تانەدان لە بڕیارەكان وتانەی (تظلم)و تانـەی (الطعـن لمصلحة القانون) ئەكـەم بەو سیفەتەی كە ئەو دوو ڕێیەش هۆیەكن لە هۆیەكانی تانە دان لە بڕیارەكان گەرچی دواهەمینیان لەم یاسایەدا بـاس نەكراوە.

چەند نمونەیەك هاوپێچ كراوە بۆ هەریەك لە هۆیەكان وەكـو شـێوە و چۆنیەوتی پێشكەشـكردنی تیانوسـی تانـەكان (عریضة الطعن) هاوپێچ كردنی ئەو تیانوس و بڕیارانە بەمەبەستی ناوەرۆكەكەی نیە.

## ڕێیەکانی تانە لیَ دان

پاش ئەوەی دادگا ووردبینی کۆتایی لە داوادا ئەکات و کۆتایی بەدادبینی دەهێنێت هەر ئەوکاتە واتە لەو دانیشتنەدا یان وادەیەك دائەنێت بۆ دان پیادانی بڕیارەکە کە بەپێی ئەوتریَ (النطق بالحکم) ئەم ڕێیە بۆ ئەو کەسانە یان بۆ ئەو لایەنەی داواکە دانراوە کە بڕیاری دەرچوو لە بەرژەوەندیان نیە و هەست ئەکەن بە ناراستی بەشێك لە بڕیارەکە یان هەمووی لەگەڵ بنەماکانی یاساو دادپەروەری.

مرۆڤ بەدەر نییە لە هەڵە.دادوەریش بەهەمان شێوە هەڵە دەکات یان بەهۆی کەم تەجروبەو شارەزاییەکی لەو بوارەدا یاخوود بەهۆی ئاراستەی جیاوازی بۆچوون و شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان,لەبەر ئەوە یاسای دادبینی شارستانی بەشێکی سەرەکی بۆ ڕێوشوێنی تانەدان داوە لە بڕیارەکان بۆ ئەوەی دادگایەکی باڵاترو بە ژمارەی زیاتر لەو دادوەرەی کە داوا سەرەتاییەکەی بینیوە بە پلەو ئاستێکی باڵاتر بەداواکەو بڕیارەکەدا بچێتەوە.

## ڕێگەکانی تانەدان لە یاسای دادبینی شارستانیدا لەم ڕیگەیانەی خوارەوە پێك دێت:

1. ڕەخنەگرتن لە بڕیاری بزر(الاعتراض علی الحکم الغیابی)
2. تێهەڵچوونەوە (الاستئناف)
3. دادگایی کردنەوە (اعادة المحاکمة)
4. تەمییز
5. ڕاستکردنەوەی بڕیاری تەمییزی
6. ڕەخنەی کەسانی تر

ئەوەی شایەنی باسە تانەدان تەنها لەو کەسانە قبول دەکرێت کە داوایان دۆڕانووە هەروەها لەو کەسانەش قبول ناکرێت کە ئەم مافەیان لەدەست خۆیان داوە (اسقاط)ی کردووە لەبەردەم ەدادگا یان بەنوسراوێکی پەسەندکراو لەبەردەم دادنوس.

هەروەها پێویستە تانەدەر لایەنێك بێت لەلایەنەکانی ئەو داوایەی بڕیاری تیا دەرچووە ,جا داواکار بێت یان داوا لەسەرکراو یان کەسی سێهەمی داخل کراو اختصامی بێت یان انضمامی بۆ لایەك لە لاکانی داواکە ,هەروەها چۆن بەرژەوەندی بوون مەرجێکە لە مەرجەکانی داوا هەر ئاوا بەرژەوەندی بوون مەرجێکە لە مەرجەکانی تانەدان.

پێویستە تانە لەسەر دراویش (المطعون علیە) لایەنێك بێت لە لایەنەی حوکمەکەی تیادەرچووە بەمەرجیَ سوودمەندیش بووبێت لەو بڕیارە بەشێوەیەك لە شێوەکان.

سەرەرای ئەمەش پێویستە تانەدەر ئەهلیەی یاسایی خۆی لەدەست نەدابێت لەکاتی تانەکەدا وەکو حوکم دان و وون بوون و شێت بوون وهتد... . هەروەها مافی تانەدانی خۆی لەدەست نەدابێت.وەکو ئەوەی لەبەردەم دادگادا واز لە تانەی تەمییزی ئەهێنرێت.

ئەوەی پێویستە بوترێت كە ئەو بڕیارانەی لەكاتی بەرێوەچوونی دادبینیدا ئەدرێت و داواكەی پێ تەواو نابێت شیاوی تانە لێدان نیيە تا دوای دەرچوونی بڕیاری یەكلاكەرەوە جگە لە هەندێ بڕیار كەلە مادەی (216)ی یاسای دادبینیدا ناوهێنراون كە بریتیین لە (قضاء المستعجل) و گلدانەوەی یەدەكی (الحجز الاحتیاطی)و ئەو بڕیارانەی كەلەسەر (عریضة) ئەدرێت وپێیان ئەوترێت (الاوامر الولائیة). بڕیاری بەتال بوونەوەی عریزەی داوو (استئخار)و ئەو بڕیارانەی ئەدرێت لەسەر داوای یەكخستن و جووتكردنی دوو داوا , رەت دانەوەی ئیحالە كردن لەبەر بێ تایبەتمەندی قەیمی و شوێنی (القیمی والمكانی) بڕیاری رەتكردنەوەی چاككردنی هەڵەی مادی یان قبولكردنی دانانی محكمین و دانەنانیان.

ئەم برایارانە لەگەل ئەوەشدا فەرعین بەلأم قابیلی تانەلێ دانن بە تانەی تەمییزی . جگە لەم بڕیارانە كە بە حصری هاتووە بڕیاری تری فەرعی قابیلی تانە لێدان نییە تەنها لەگەڵ بڕیارە یەكلاكەرەوەكە. بۆ نمونە:

داوا لە دادگا ئەكرێت شایەت وەربگیرێت,بەلأم دادگا قبولی ناكات بڕیار ئەدات بە (رفض) كردنی داواكە یان داواكردنی كەشفێك یان (مضاهاة) یان داواكردنی سوێندانی (متممة).

یاسا ماوەی تانە دانی دیاری كردووە بۆ هەر رێیەك لە رێیەكانی تانەدان كە پێویستە تانەدانەكە لەو ماوەیەدا پێشكەش بە دادگای تایبەتمەند بكرێت راستەوخۆ یان لە رێی هەمان دادگاوە كە بڕیارەكەی دەركردووە.ئەو ماوانە لە سستەمی گشتین و (حتم)ین هیچ یاساو بیانوویەك نیيە بۆ ئەوەی كە لەدەرەوەی ئەو ماوەیە دا تانە پێشكەش ئەكرێت. ئەگەر تانەكە لەدەرەوەی ئەو ماوەیەدا بێت ,دادگای تایبەتمەند یەكسەر رەتی دەكاتەوە بەبێ ئەوەی سەیری ناوەرۆكەكەی بكات واتە تانەكە لە رووی روكەشەوە (شكل)ەوە رەت ئەكرێتەوە.ئەو ماوەیە لەرۆژی دوایی بڕیارەكەوە ئەژمێررێت. ئەگەر رۆژی كۆتایی ماوەكە كەوتە رۆژی پشووەوە, ئەوا رۆژی دواتری دەوام كردن بە دوارۆژی تانە لێدان قبول دەكرێت.

## چۆنیەتی تانە پێشكەش كردن

تانە پێشكەش ئەكرێت بە (عریضة)یەككە هۆكانی تانە لەخۆ ئەگرێت,سەرەتا بۆ دادگای تایبەتمەند ناونیشان ئەكرێت ,پاشان ناوی هەریەك لە تانەدەرو تانە لێدراو ئەنوسرێت و پێشكەش ئەكرێت بە دادگایە كە بە هۆیەوە ئەنێررێت بۆ دادگای تایبەتمەند . دوای ئەوە رەسمی ئەدرێت .رۆژی دانی رەسم بە رۆژی پێشكەشكردنی تانە ئەژمێردرێت نەك لەسەر نوسین(هامش)ی دادوەر.

## حالەتێكی بەدەر بۆ وەوستانی ماوەی تانە

وەكو وتمان ماوەی تانە لێدان (حتمیە)و ئەبێت لەماوەی دیریكراودا تانە پێشكەش بكرێت ئەگینا مافی ئەخورێت,بەلأم چەند حاڵەتێكی بەدەر لەم بنەما گشتیيە هەیە ئەویش ئەوەیە كە لە مادەی (174)ی یاساكەدا باس كراوە.

ماوەی یاسایی تانە لێدان ئەوەستێت بەهۆی روداوێکەوە کە دوای ئاگادارکردنەوەی (حوکم لەسەر دراو) روودەدات یان لە حالەتی ئاگاداربوونەوەی تلقائی لە حوکمە ئامادەییەکاندا,لەو حالەتانە کۆچکردنی حوکم لەسەردراو دوای ئاگادار کردنەوەو پێش ئەوەی ماوەی تانە بەسەر بچێت,واتە مردنەکە لەو نێوانەدا بێت.لەدەستدانی ئەهلیەتی یاسایی وەکو شێت بوون و نەمانی سیفەتی یاسایی یەکێك کە (وەصی) بێت و لەو نێوانەدا عزل کرابێت یان (قیم) لەسەر وون بوو لەو نێوانەدا یەکێکی تر بکرێت بە (قیم).لەم حالەتانەدا ماوەکە ئەوەستێت و سەر لەنوێ ئەبێت ئاگاداری میرات گرانی کۆچ کردوو یان (وصی) یان (قیم)ی تازە بکرێت و ماوەی بەسەرچوو حساب ناکرێت .واتە بە ئاگادارکردنەوەیەکی سەرلە نوێ,لە ئاگادارکردنە تازەکەوە ماوە سەر لە نوێ دەست پێدەکاتەوە.

## تظلم

تظلم تانە دانە لە فرمانی دادگاکان کە پێی ئوترێت (الاوامر الولائیة) یان بڕیارەکانی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن لەبەردەم هەمان دادگا یان هەمان بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردن کە بڕیارەکەی دەرکردووە.ئەم تانەیە پێش تانەی تەمییزی دێت, واتە ناتوانرێت ئەوکەسەی کە فرمانەکە دژی دەرچووە یەکسەر ڕێی تانەی تەمییزی بگرێت ,بەلکو سەرەتا دەبێت ڕێی تظلم بگرێت ,ئەگەر دادگا فرمانەکەی پشت راست کردەوە ,ئەوساکە بڕیاری (تظلم)ەکە قابیلی تەمیزە.

## ماوەی تظلم

تڤلم لە ماوەی سێ رۆژ لە مێژووی دەرچوونی بڕیارەکەوە پێشکەش دەکرێت نەك لە رۆژی دوایی بڕیارەکە یان لە رۆژی ئاگادارکردنەوەی بە فرمانەکە یان بڕیارەکە بەپێی حالەتەکە.

## چۆنیەتی پێشکەشردنی

تڤلم بە لائحەیەك پێشکەش ئەکرێت بۆ هەمان دادگا کە ناوی (متظلم)و (متظلم منە) و ناوو ناونیشانیان ئەنوسرێت و ئیمزا ئەکرێت.پاشان دادوەر حەواڵەی ئەکات.ژمارە وەرئەگرێت و ,ڕەسمەکەی ئەدرێت,رۆژی دادبینی دیاری ئەکرێت بە شێوەیەکی خێراو وادەیەکی نزیك.لە رۆژی دادبینیدا دوای ووردبینی و گوێگرتن بۆ ووتەکانی هەردوولا دادگا لە هەمان دانیشتن دا یان لە دانیشتنێکی تری نزیکدا بڕیار ئەدات بە بەتاڵ کردنەوەی فرمانەکە یان (تأیید)کردنی یان دەستکاری کردنی . ئەم بڕیارە شیاوی تەمییزە لە دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی تەمییزی لە ماوەی حەوت رۆژدا لە رۆژی دوایی بڕیارەکەوە.

﴿وێنەیەك لە لائحەی تظلم و بڕیاری تەمییزی بە ژمارە 1 و2 نیشانە کراوە﴾

## یەکەم / ڕەخنە لە بڕیاری نائامادەیی(بزر)

ئەگەر داوا لەسەرکراو ئامادە نەبوو لە هیچ دانیشتنێکی دادبینیدا سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی بە داواکە بە شێوەیەکی ئاگادارکردنەوەی یاسایی و بەو پێیەی دیاری کراوە لەم یاسایەدا,دادوەر بڕیاری دادبینی ئەدات دژی بەشێوەیەکی نائامادەیی (غیابی).بەلاّم ئەگەر داوالەسەر کراو تەنها یەك دانیشتن ئامادە بوو لە نێو دەیان دانیشتن جا چ لەسەرەتادا یان دواتر ,دادبینییەکە بە ئامادەیی ئەڕوات مافی ڕەخنەگرتن وتانە دانی بەم ڕێیە نابێت.پاش ئەوەی دادگا بڕیاری خۆی بەشێوەی (غیابی)دەرئەکات ئەبێت سەرلەنوێ داوالەسەرکراو ئەگەر حوکمی بەسەردا درا ,ئاگاداربکرێتەوە بە حوکمەکە.

داوالەسەرکراو (محکوم)ئەتوانێت لە ماوەی (10) ڕۆژدا لە ڕۆژی دواتری بڕیارەکەوە ئەم تانەیە بگرێت بەمەرجێ داواکەی دۆڕابێت.لەدادگاکانی بەرایی و باری کەسێتی بەتەنها بەلاّم ئەگەر حوکم لەسەر دەرچوو ڕێی تێهەڵچوونەوە یان تەمییزی گرتە بەر مانای ئەوەیە وازی لەم ڕێیە هێناوە ,چونکە ئەم ڕێیە پێش ئەوانی تر ریزبەند کراوە بە پێی یاسا . ئەم مافەش لەدەست ئەچێت (والساقط لا یعود). جاری وا هەیە حوکمەکە دوو لایەنەیە ,بەشێك لەداواکە حوکم دراوە و بەشێکی ڕەت بۆتەوە.داواکار دێت تێهەڵچوونەوە یان تەمییز پێشکەش ئەکات سەبارەت بەو برگەیەی کە دۆڕانویەتی ,ئەمە ڕێ لە حوکم لەسەر دراو ناگرێت کە ئەم ڕەخنەیە بگرێت ,لێرەدا داوا استیئنافیەکە یان تەمییزیەکە (استئخار) دوا ئەکەوێت تا ئەنجامی ڕەخنەکە.

## چۆنیەتی پێشکەش کردن

ڕەخنە لە بڕیاری نائامادەیی بە (عریضة)یەك پێشکەش دەکرێت بە هەمان دادگا کە بڕیارەکەی دەرکردووە,ئەبێت هۆکانی ڕەخنەکە لەخۆبگرێت,ئەگەر هۆی ڕەخنەی تیا باس نەکرابێت بووترێت لەکاتی مرافعە دا باس ئەکرێت,ڕەخنەکە ڕەت ئەبێتەوە لەرووی (شکل)ەوە.

لەبەر ئەوەی ئەم داوایە بەردەوامی(امتداد)ی هەمان داوا ئەصلیەکەیەکە بڕیاری تیا دەرچووە بۆیە هەمان ژمارەی داوا وەرئەگرێت نەك ژمارەی تازە.پاش ئەوەی دادوەر لەسەری ئەنوسێت ڕەسمەکەی ئەدرێت و ڕۆژێکی نزیك دائەنرێت بۆ بینینی و لەلایەن ڕەخنەگرەوە ئیمزا ئەکرێت و ئاگادارنامە دەرئەچێت بۆ ڕەخنە لەسەرگیراو.

وەکو ووتمان ئەگەر ڕەخنەکە هۆکانی ناراستی بڕیارەکە لەرووی یاساوە نەگرێتە خۆی یان ڕەخنەکە لە ماوەی یاساییدا ێشکەش نەکرابێت ,دادگا بەرپەرچی ئەداتەوە لە رووی (شکل)ەوە بەبێ لێکۆڵینەوە لە لە بابەتەکەی . خۆ ئەگەر دادگا بۆی دەرکەوت ڕەخنەکە لەماوەی یاساییدا پێشکەش کراوە,ڕەخنەکە قبول ئەکرێت و ئەبینرێت بەپێی یاسا. دادگا یان بڕیاری پشت ڕاست کردنەوە (تأیید) یان بەتاڵکردنەوە یان دەستکاری کردنی بڕیارە ئامادەییەکە ئەدات بەپێی حاڵەتەکان.

## ئامادەبوون لە دادبینی دا

ئەگەر هەردوو لا یان یەکێك لەدوو لایەنەکە ئامادە نەبوو لە داوا نائامادەییەکەدا داواکە ئەگۆڕێت بەپێی ئامادە نەبوونی لایەنەکان,ئەگەر هەردوولا ئامادە نەبوون داواکە تەرك ئەکرێت بۆ موراجعە بێگومان دوای ئەوەی کە ئاگادار کرابن ,هەروەها ئەگەر خۆیان ئامادەبن و لەسەر تەرك کردن پێك بێن ,خۆ ئەگەر(10) رۆژ تێپەری لە رۆژی تەرك بوونەوە بەبێ ئەوەی موراجەعە بکەن داواکە (سقوط) ئەکات و جارێکی تر تازە نابێتەوە حوکمە ئەصلیەکە پلەی کۆتایی وەرئەگرێت.

ئەگەر لایەنێکیان ئامادە بوون جا رەخنەگر بێت یان رەخنە لێگیراو پاش ئاگادار بوون,دادگا داواکە ئەبینێت و بڕیاری خۆی ئەدات, لێرەدا جیاوازیەك لە نێوان ئامادەنەبوونی داواکارو ئامادەنەبوونی داوالەسەرکراو لە داوای ئەصلیدا و داوای نائامادەییدا هەیە,لە یەکەمدا بەئامادە نەبوونی داواکار ,داوا لەسەرکراو ئەتوانێت داوای بەتال بوونی داواکە بکات بەڵام لەداوای غیابیدا رەخنە لێگیراو مافی بەتاڵ بوونەوەی نیە و داواکە هەر ئەبینرێت گەرچی خودی رەخنە گرو بریگرتەکەی ئامادە نەبوون.

لە کۆتاییدا ئەوە ماوە ئاماژەی پێ بکرێت کە داوای رەخنە جێبەجێکردنی بڕیارە نائامادەییەکە ئەوەستێنێت تا کۆتایی یەکلابوونەوەی داواکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی. ئەگەر جێبەجێکردنەکە (مشمول) نەبێت بە جێبەجێکردنی دەم ودەست (النفاذ المعجل).

***لەوانەیە خوێنەر بپرسێت مەبەست لە جێبەجێکردنی دەست وبرد چیە....؟***

بریتیە لە خێراو یەکسەر جێبەجێکردن ی بڕیاری دادگا لە رێی بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردن لەگەڵ دەرچوونیدا بەبێ ئەوەی چاوەرێ بکرێت کە تانەی لێدراوە یان نا..؟ وە یاخود بەبێ چاوەروانکردنی ئەنجامی تانەکە.

جێبەجێکردنی دەم ودەست یان بە بڕیاری دادگا ئەبێت یان بە دەقی یاساو بەحوکمی یاسا.

## جێبەجێکردنی دەم ودەست بە بڕیارو دەسەڵاتی دادگا

ئەگەر بڕیارێکی دادگا بنیات نرا لەسەر ئەساسی نوسراوێکی فەرمی یان دانپیادانانی داوا لەسەرکراو بە داواکەدا یان نکوڵی کردنی لە سوێند خواردن,دادگا لەسەر داوای داواکار بڕیار ئەدات کە حوکمەکە جێبەجێکردنی دەم ودەست (النفاذ المعجل) بیگرێتەوە.

حاڵەتێکی تریش هەیە کە هەر لە دەسەڵاتی دادگادایە کە (شمول)ی بکات بە (نفاذ معجل) ئەگەر بابەتی داوایەك وا پێویست بکات خێرا جێبەجێ بکرێت و بریتی بێت لە کەل و پەل و خواردن و خواردنەوەیەك قابیلی خراپ بوون و ئێکس پایەر بوون بێت .لێرەدا دادگا کەفالەت لە داواکار وەرئەگرێت بۆ زەمانەتی ئەو زیانانەی لە جێبەجێکردنەکەدا بەر داوالەسەرکراو ئەکەوێت.

## جێبەجێکردن ی خێرا بە حوکمی یاسا

لە هەندێ داوادا جێبەجێکردنی دەم ودەستی بڕیارەکان بە حوکمی یاسایە وەکو بڕیاری نەفەقەو مادە (مستعجل)ەکان و ئەو ئەمرانە(فرمانانەی) لەسەر سکالاَ نامەکان (العرائض) دەرئەچێت.

﴿ وێنەیەك لە لائحەی _الاعتراض علی الحکم الغیابی_ بە ژمارە 3 نیشان دراوە﴾

## دووەم / تێهەڵچوونەوە – الاستئناف –

تانەدان لەرێی تێهەلچونەوە هۆیەکە لە هۆیە یاساییکانی تانەدان کە رکەبەرەکان پەنای بۆ ئەبەن بۆ تانەدان لەو بڕیارانەی کە دژیان دەرچووە لەو حاڵەتانەدا کە یاسا رێی داوە بۆ تانەگرتن لەم رێیەوە.

یاسا رێی داوە کە هەردوو لای داواکە یان کەسانی سێهەمی داخل کراو لە داوادا کە حوکمیان بۆ ئەدرێ یان دژیان دەرئەچێت داوای تێهەڵچوونەوە بکەن لەو بڕیارانەی کە لە دادگای بەرایی دژیان دەرچووە بەمەرجێ نرخی داواکە لە (150.000) سەدو پەنجا هەزار زیاتر بێت و دادگای بەرایی پلە یەك دەری کردبێت لە ماوەی (15) رۆژدا لە رۆژی دوای دەرچوونی بڕیارەکەوە یان لە لە رۆژی دواتری ئاگادارکردنەوەی لە حوکمی نائامادەییدا.

ئەم جۆرە داوایانە پێی ئەوترێت داوای ئیستیئناف و دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی اصلی ئەیبینێت وەکو دادگایەکی بابەتی داواکە بە پلەی دووەم.واتە قۆناغی تێهەڵچوونەوە وەکو ئەوە وایە داواکە لە قۆناغی بەراییدا بووبێت بڕیاری تیا دەرنەچووبێت.

دادگا گوێ لە داواکاری و بەرپەرچ دانەوەی لایەن رکەبەرەکان ئەگرێت و لێکۆڵینەوەی خۆی ئەکات ولەو قسەو بابەت و بەڵگانەی پێشکەش ئەکرێن و سروشتی داواکە وا ئەخوازێت.

دوای ووردبینی و تەواو بوونی لێکۆڵینەوەکان دادگا بڕیاری خۆی دەرئەکات یان بە (تأیید) کردنی حوکمە بەراییەکە (سەرەتاییەکە) یان بەهەڵوەشاندنەوەی (فسخ) یان دەست کاری کردنی (تعدیل),ئەم حوکمەی تێهەڵچوونەوە شوێنی حوکمە سەرەتاییەکە ئەگرێت و حوکمە سەرەتاییەکە بەشێوەیەکی کاتی اعتباری نامێنێت.

<u>کاتێك کە لە ژیانی عەمەلی رۆژانەدا ئەڵێین - دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی اصلی -</u> مەبەستمان سیەتی استیئنافی یان تێهەڵچوونەوەیەتی چونکە لە بنەرەتدا ئەم دادگایە بۆ تێهەڵچوونەوە دروست بووە پاشان یاسا هەندێ حاڵەتی تەمییزی خستە ناوچوارچێوەی دەسەڵاتیەوە ,لەو داوایانەی کە سیفەتی خێراو بەپەلەیان هەیە کە دواتر دێینە سەرباسیان و لەلایەك بۆ کەم کردنەوەی ئەو ئەرکە زۆرەی لەسەر دادگای تەمییزە دەسەڵاتی ئەم دادگایە فراوان کراو بەشێکی بۆ دروست بوو بە سیفەتی تەمییزی کە ئەرك و دەسەڵاتی جیاوازە لە سیفەتە تێهەڵچوونەوەکەی.

## چۆنیەتی رێگرتنە بەر

رێگرتنەبەری ئەم تانەیە بە پێشکەشکردنی (عریضة)یەك دەبێت کە مێژوو ژمارەی ئەو داوایەی تیا ئەنوسرێت کە تانەی لێ ئەدرێت . واتە داوا بەراییەکە لەگەڵ هۆکانی ناراستی بڕیارە بەراییەکە لە رووی یاساییەوە,بوونی ئەم هۆیانە

لە تیانوسی داوا استیئنافیەکەدا زۆر پێویستە, پاشان داواکارییەکان ئەنوسرێت کە داوای چی ئەکەیت لە دادگا بۆت بکات ئەویش بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی (فسخ)ی داوا بەراییەکە.

ئەم تیانوسە (عریضة)یە ئیمزا ئەکرێت و یان راستەوخۆ پێش کەش بەدادگای تێهەڵچوونەوە ئەکرێت یان لەرێی دادگای بەراییەوە.دوای ئەوەی دادوەر لەسەری ئەنوسێت ئەبێت رەسمەکەی بدرێت کە بریتیە لە هەمان رەسمی دراوی داوا بەراییەکەبەبێ زیادو کەم.

دادگای تێهەڵچوونەوە ژمارەی ئەداتێ و رۆژێك دیاری ئەکات بۆ دادبینی و هەردوولا ئاگادار ئەکاتەوە بەپێی رێوشوێنی ئاگادارکردنەوەی دادوەری ئەبێت لە عریضە ی داواکەدا هەمان رێوشوێنی نوسینی داوا لە ناوو ناونیشان و بنەماکانی تری داوای تیابێت.

## شکلیەتی داوای تێهەڵچوونەوە - شکلاً –

لەیەکەم دانیشتنی دادبینیدا دوای ئەوە دادگا لایەنی ئامادەیی (حضور)ی لایەنەکان یەکلائەکاتەوە ووردبینی رووی روکەشی (شکلی) داواکەئەکات,داوای تێهەڵچوونەوە لەبەر دوو هۆ (شکلاً) بەرپەرچ (رد) ئەدرێتەوە:

1. ئەگەر لەدەرەوەی ماوەی یاسایی دیاری کراو پێش کەش کرابوو.
2. ئەگەر تیانوسی داواکە هۆکانی نەگرتبووە خۆ.

## ئامادە بوون – الحضور –

لە رۆژی دادبینی دادگا دوای ئەوەی ووردبینی لە نوسراوی ئاگادربوونەکان (ئاگادار نامەکان –التبليغات -) .دوای ئەوە دێتە سەر مەسەلەی ئامادەبوون ئەگەر لایەنەکان ئامادەبوون,دانیشتنەکان بە ئامادەیی ئەروات,بەڵام ئەگەر ئامادە نەبوون ,ئامادەنەبوونیان بەدەرنابێت لە یەکێك لەم حاڵەتانە:

1. ئەگەر هەردوولا ئامادە نەبوون دادگا بڕیاری تەرکی داواکە ئەدات تا کاتی موراجەعەکردن. ئەگەرلە ماوەی (30)سی رۆژدا سەردانی دادگایان کردەوە,داواکە تازە ئەبێتەوە,ئەگەر بە تێپەربوونی ئەو ماوەیە سەردان نەکرایەوە بۆ تازە بوونەوەو داواکە بەتاڵ ئەبێتەوە.لێرەدا بەتاڵ بوونەوە مانای لەدەستدانی مافەکەیەو بڕیاری دادگای بەرایی پلەی کۆتایی وەرئەگرێت و جارێکی تر داوای استیئنافی تۆمار ناکرێتەوە چونکە ئەمە قۆناغی تانەلێ دانەو ماوە تێپەر بووە,ئەوەی مایەی سەرنجە لەم دەقەدا ئەوەیە کە جیاوازی ماوەی نێوان تەرك و بەتاڵ بوونەوەیە , کە لە قۆناغی بەراییدا تەنها (10) رۆژە بەڵام لەم قۆناغەدا (30) رۆژە هۆکەی جیاوازیەکی ترە کە ئەگەر داوای بەرایی بەتاڵ بۆوە ئەتوانرێت سەرلەنوێ تۆماربکرێتەوە بەڵام داوای استیئنافی داوای تازەی بەرایی نییە بەڵکو داوای تانەلێدانە و ماوەی خۆی هەیە کە ماوەکەش (حتمی)یە , بۆیە یاسا ئەم لایەنەی بە هەند وەرگرتووەو ماوەکەی درێژ کردووەتەوە.
2. ئەگەر لایەك لەلایەکانی داواکە ئامادە بوون ئنجا تێهەڵچووکاربێت یان رکەبەرەکەی بەرامبەری یان بە پێچەوانە داواکە ئەبینرێت و دادگا پیایدا ئەروات وەکو چۆن لە تانەی نائامادەییدا بینیمان ئەمەش جیاوازیەکە لەگەڵ قۆناغی بەرایی دا کە داواکار ئامادە نەبوو داوالەسەر کراو ئەتوانێت داوای بەتاڵ بوونەوەی داواکە بکات.

## تێهەڵچوونەوەی بەرامبەر

لـە قۆنـاغی بەرایی‌دا داوالەسـەر کـراو ئـەتوانێت داوایـەکی نـوێ لـە نـاوەخنی داواکـەی داواکـاردا وە دژی داواکـار بووروژێنێ کە پێی ئەوترێت (دعوی حادثة متقابلة).

لێرەدا واتە لە قۆناغی تێهەڵچوونەوەدا جۆرێکی تر هەیە کە یاسای دادبینی لە مادەی (191) ڕەسمـی کێشاوە بـەڵام لە چوارچێوەیەوکی تەسکدا.هەندێ جار بڕیاری بەرایی لە برگەیەکدا حوکمی بۆ لایەك داوە لە برگەیەکی تردا بەشێك لە داواکەی ڕەت کردۆتەوە,کەواتە هەردوو لایەنەکە بە ڕێژەیـەك لـە هـەمان کاتـدا دۆڕاوو بـراوەن بـەڵام لایـەکیان ڕێی تێهەڵچوونەوەی گرتۆتە بەر ,لاکەی تر لەبەر هەرهۆیەك بێت تێهەڵچوونەوەی نەکردووە. ئەم لایەنە کـە تێهەڵچووکارە (مستأنف علیە)ی‌یە لە داواکەدا هەتا کۆتایی دانیشتنی یەکەم ئەتوانێ (استئنافی مقابل – تێهەڵچوونەوەی بەرامبـەر -) بووروژێنێت سەبارەت بەو زیانەی لە ئـەنجامی حوکە بەرایی‌یەکـەدا بـەر مافـەکانی کـەوتووە سـەرەرای ئـەوەی مـاوەی تێهەڵچوونەوە بە نیسبەت ئەوەوە تێپەریوە,ئەم جۆرە استینافە تەنها ئەوانەیە کە بۆ یەکەم جار لە دانیشتنی یەکەم دا ئەووروژێنرێت,دادگا وەری‌ئەگرێت و داوای لێ ئەکات ڕەسمەکەی بدات بەڵام چارەنوسی بەسـتراوە بـە داواکـەوە,ئەگـەر لـە رووی شـکلی‌یەوە داوا اسـتئنافیەکە ڕەت بـۆوە ئـەمیش وەکـو ئـەو ڕەت ئەبێتـەوە.ئـەوەی شـایەنی باسـە ئەمـە ئـەو استیئنافیانە ناگرێتـەوە کـە هـەردوولای داوا بەراییەکە هەریەکـەی تێهەڵچوونەوەی بـە جیـای پێشـکەش کـردووە دژی یەکتر.لەم حاڵەتەدا هەریەکەی داوایەك و ژمارەیەك و ڕەسمی خۆی هەیە و دراوە.

جگە لەم حاڵەتەی باسمان کرد بۆ تێهەڵچوونەوەی بەرامبەر هیچ داوایـەکی لـەناکاو(حادثـة)لـە لایـەن هـیچ لایـەکی داواکەوە وەرناگیرێت ئەگەر لە قۆناغی بەراییدا بـاس نـەکردبێت جگـە لـە چـەند داواکاریـەکی لاوەکـی وەکـو خـەرجی داواو ماندووبوونی پارێزەرو سوود (الفوائد) ,بەڵام ئەوەی پەیوەنـدی بـە پـێش کـەش کردنـی بەڵگەو بەڵگە نامەیـەوە هەیە بۆ پشگیری کردنی داواکاری و ووتەی بەرپـەرچ دەرەوە (الادعـاء والـدفوع), دەرگا ئـاڵاو والآیـە بـۆ پێشکەشـکردنی بەڵگەی تازە.

## حوکم دان

وەکو ووتمان دوای قبول کردنـی داواکـە لـە رووی شـکلی‌یەوە پـاش ئـەوەی دادگـا بـۆی روون ئەبێتـەوە کـە بڕیارەکـە شیاوی تانەی تێهەڵچوونەوەیە لەلایەنی رکەبەرایەتی(الخصوم) ئەکۆڵێتـەوە ئنجا بڕیـاری قبـول کردنـی ئـەدات لـەرووی شکلی‌یەوە.دوای ووردبینی و لێکۆڵینەوە ئەگەر بۆی دەرکەوت کە داوا بەراییەکە تەواو ڕۆیشتووەو بڕیارەکە دروسـتە لـە رووی یاساییەوە یان بەتەواوکردنی هەنـدێ کـەم و کوری و ڕێوشـوێن گرتنەبـەر کـە لەکۆتاییـدا هـەمان ئـەنجام ئـەدات بەدەسـتەوە کـە ئـەویش دروسـتی بڕیـاری دادگـای بەراییـە,بۆیـە بڕیـار ئـەدات بـە پشـتگیری کردنـی بڕیـاری بـەرایی و بەرپەرچدانەوەی تێهەڵچوونەکەو خەرجی داواکەو هەمان حوکمی بۆدراوی مافی ماندووبوونی پارێزەر.

بـەڵام ئەگـەر بـۆی دەرکـەوت بڕیارەکـە هەنـدێکی یـان هـەمووی نادروسـتەو پێچـەوانەی یاسـایە بڕیـار ئـەدات بـە هەڵوەشاندنەوەی بەشێکی یان هەمووی,خەرجی و مافی پـارێزەری بڕیـاردراو لـە دادگـای بـەرایی بـەو پێیـە بڕیـاری بـۆ ئەدرێت.بڕیارەکەش لە هەردوو حالەتەکەدا قابیلی تەمییزە.

## دواخستنی جێبەجێكردن

تێهەڵچوونەوە لەوانەیە بڕیاری بەرایی جێبەجێكراو بگۆڕێت.جگە لەوە وەكو ووتمان تێهەڵچوونەوە (امتداد)ی داوای بەراییە ,وەكو ئەوە وایە بڕیاری تیادا دەرنەچووبێت.هەر بۆیە تێهەڵچوونەوە جێبەجێكردن دوائەخات بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی (تلقائی)ئەگەر دادگا بڕیار نەدا بە وەی كە بڕیارەكە جێبەجێكردنی دەم ودەست ئەیگرێتەوە.

## سێهەم /اعادة المحاكمة

جۆرێكی نائاسایی تانەیە ,لە حوكمێك ئەدرێت پلەی كۆتایی وەرگرتبێت لەبەردەم هەمان دادگای حوكمەكەی دەركردووە,هەربۆیە ئەگەر بڕیارەكە پلەی كۆتایی وەرنەگرتبێت واتە ڕێگاكانی تانەگرتن ماوەو پێویستە زیان مەند ئەو ڕێیانە بگرێتە بەر,كاتێك ئەم تانەیە ئەدرێت ناشێ بووترێت كە (حجیەی حوكم) هەیە چونكە وەكو ووتمان ئەم ڕێیە نائاساییە.

هۆكانی ئەم تانەیە دیاری كراون و (حصری)ن بە چوار خاڵ كە لە مادەی (196)دا باس كراوەو دیاری كراوە,بەهۆی كە ناتوانرێت زیاد بكرێت.

ئەتوانرێت تانەی (اعادة المحاكمة) بدرێت لە بڕیارەكانی دادگای بەرایی و تێهەڵچوونەوەو باری كەسێتی لەكاتی بوونی یەكێك لەم هۆكارانەی خوارەوە:

1. ئەگەر ركەبەرەكە فێڵ (غش)ێكی لەداواكەدا كردو كاریگەری هەبووبێت لەسەر حوكمەكە.
2. ئەگەر دوای دەرچوونی حوكمەكە نوسراوێك دەست كەوت تیایدا دان نرابێت بە ساختەكردنی نوسراوێك كە بڕیارەكەی لەسەر دروست كرابێت.
3. ئەگەر بڕیارەكە بنیات نرابێت لەسەر ووتەی شایەت وئەو شایەتە حوكمی شایەتی درۆی بەسەردا درابێت.
4. ئەگەر داواكاری (اعادة المحاكمة) دوای دەرچوونی بڕیارەكە هەندێ نوسراوی گرنگ و كاریگەری دەست كەوت كە ركەبەرەكەی بە هۆیەك لە هۆیەكان نەیهێشتبێ پێشكەشی بكات.

## هەڵوێستەیەك

پێشتر باسمان كرد كە ئەم تانەیە قبول ناكرێت ئەگەر ماوەی تانەلێدانی ئاسایی مابوو,ماوەی مەبەست بریتییە لە تانەدان لە بڕیاری نائامادەیی و تێهەڵچوونەوە. خۆ ئەگەر ماوەی تەمییزی مابوو پێشكەش كردنی ئەم تانەیە شیاوە.حیكمەتی ئەم مافە لەوەدایە كە ناتوانرێت لە تانەی تەمییزی (دفع)ێك پێشكەش بكرێت ئەگەر لە قۆناغی بەراییو تێهەڵچوونەوەدا نەوترابێت تەنها (3) دفع نەبێت كە ئەویش ركەبەرایەتی وتایبەتمەندی ویەكلابوونەوەی پێش وەخت ئەبێت.ئەم هۆیانەی كە چوار خاڵی باسكراودا دێتەدی هەمووی دوای دەرچوونی بڕیاری بەراییو تێهەڵچوون لەوانەیە بێتە ئاراوە.خۆ ئەگەر لەو كاتانەدا بێت ئەوا باس ئەكرێت لە داواكاندا.كەواتە ئەگەر دوای ئەو بڕیارانە ئەو هۆیانە دەركەوتن و نەتوانرێت لە هۆكارەكانی تەمییزدا بۆ یەكەم جار باس بكرێت,كەواتە ئەو مافە بەناهەق لەسایەی یاساوە پێشێل كرا.هەر بۆیە شیاوە كە ڕێی ئەم تانەیە بگیرێت ئەگەرچی ماوەی تانەی تەمییزی مابێت.

## مـــاوە

ماوەی پێشکەشکردنی (اعادة المحاكمة) 15 رۆژە لە رۆژی دووەمی دەرکەوتنی فێڵ و ساختەو هۆکارەکانی تر کە باسمان کرد,ئەم ماوەیە (حتمی)یە ئەگەر رەچاو نەکرێت مافەکە ئەفەوتێت.

## چۆنیەتی پێشکەش کردن

داواکاری (اعادة المحاكمة) بە تیانوسێك دەبێت بۆ هەمان دادگای بڕیارەکەی دەرکردووە,ناوی داواکارو رکەبەری تیا ئەبێت لەگەڵ ناونیشان وەکو داوای ئاسایی.ژمارەی تازە وەرئەگرێت وەکو داوایەکی تازە دوای رەسم و تأمینات دانان بە بڕی (3000) دینار لە سندوقی دادگادا رۆژێکی نزیك دائەنرێت بۆدادبینی و هەردوولا ئاگادار ئەکرێتەوە.

لە رۆژی دادبینی دیاریکراودا ئەگەر دادگا بۆی دەرکەوت هۆکانی (اعادة محاكمة)ی باس کراو کە چوار هۆبوون لە داواکەدا نییە یاخوود ماوەی (15) رۆژ بەسەر زانینی و دەرکەوتنی هۆکاندا تێپەریوە ئنجا داواکە تۆمار کراوە,دادگا بڕیار ئەدات بە رەت کردنەوەی لە رووی شکلیەوە و دەست بەسەر بارمتەی دانراودا ئەگرێت.

خۆ ئەگەر دادگا بۆی دەرکەوت هۆکان بوونیان هەیە,واتە یەکێك لە هۆکان و لە ماوەی یاساییدا داواکە پێشکەش کرابوو دادگا سەرەتا پێش هەموو شتێك قبولی داواکە ئەکات,یانی ئەم داوایە بە تۆمار کردنی قبول ناکرێت بەڵکو بە بوونی هۆیەك لە چوار هۆکە دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەو هۆیەی داواکەی لەسەر بنیات نراوە ئنجا بڕیار ئەدرێت بە وەستاندنی جێبەجێکردن تا ئەنجام بەش بەحاڵی ئەوەی پەیوەندی بە تانەکەوە هەیە.دوای ئەوە دادگا ووردبینی و لێکۆڵینەوە ئەکات بڕیار ئەدات یان بە رەت کردنەوەی داواکە یان بەتال کردنەوەی حوکمە بەراییەکە یان گۆڕینی بەشێك و بەتاڵ بوونەوەی بەشێکی تری,واتەبەدەستکاری کردنی بڕیارە بەراییەکە بڕیارەکەش شیاوی تانە لێدانە بە ریگاکانی تر بەپێی بابەتی داواکە جگە لە تانەی (اعادة المحاكمة).

﴿وێنەیەك لە لائحەی - اعادة المحاكمة - بە ژمارە 5 نیشانە کراوە﴾.

## چوارەم / تەمییز -پیاچوونەوە —

جۆرێکی تری نائاساییە لە تانە لێدان کە رکەبەرەکان پەنای بۆ ئەبەن بۆ راستکردنەوەی نادروستی بڕیارەکان. ئەم تانەیە لەسەرەتادا سپێررابووتەنها بە دادگای تەمییز بە پێیەی بەرزترین دەسەڵاتی دادوەریەو ئەبێت باشترین و شارەزاترین دادوەر دوای چەندین ساڵ (خبرة) ئیشی تیا بکات و قیبلەی دادوەریە و پلەی کۆتایی تانە لێدانە.بەڵام بەهۆی سەرقاڵیو ئیش زۆری دادگای تەمییز لەلایەك,بەهۆی ئەوەی هەندێ داوا سیفەتی خێراو بەپەلەی هەیە چ لە سروشتی داواکە یان بەهۆی ئەوەی یاسا ئەو سیفەتەی داوەتێ بۆ رێگرتن لە دواکەوتنی کە لەگەڵ ئەو سروشتی خێراو بەپەلەیەیدا ناگونجێت, بەشێك لە تانەی تەمییزی سپێردراوە بە دادگا ئیستیئنافیەکان کە بە پێی ناوچە بەشکراوەو بەڵام بە سیفەتی ئەسڵی نابەڵکو بە سیفەتی تەمییزی.

سەرەتا باسی ئەو جۆرە داوایانە ئەکەین کە بڕیارەکانی تەنها شیاوی تەمییزە لە دادگای ئیستیئناف بە سیفەتی تەمییزی. ئەوانیش ئەکرێن بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم : بریتی یە لەو حوکم و بڕیارانەی لەم داوایانەی خوارەوەدا دەرئەچن و ئاماژە بە ماوەکانیان ئەدەین:

1. داوای نەهێشتنی هاوبەشی (ازالة الشيوع) لە ماوەی (10) رۆژدا.
2. داوای (حيازة) لە ماوەی (10) رۆژدا.
3. داوای چۆڵکردن لە ماوەی (10) رۆژدا.
4. ئەو داوایانەی کە لەیاساکانىدا رێ ی تانەی تەمییزی دیاری کراوە کە لە دادگای ئیستیئنافی بێت بە سیفەتی تەمییزی کە ئەمانەی خوارەوە نمونەیانن:-
5. بڕیارەکانی بەرێوەبەری جێبەجێکردن دوای ئەوەی تانەی (تظلم)ی لێ ئەدرێت لە ماوەی (7) رۆژدا لە دوای بڕیاری (تظلم).

أ- بڕیاری دەرچوو لە داواکانی (استملاك) لە ماوەی (15) رۆژدا.

ب- بڕیاری تەمليك بەپێی بڕیاری (1198)ی دەستکاری کراو لە ماوەی (30) رۆژدا.

ت- داواکانی (احوال مدنی) لە ماوەی (10) رۆژدا.

6. بەشی دووەم : ئەو بڕیارانەی کە بەشێکیان راستەوخۆ وە بەشێکیان دوای تظلم لێدان تەمییز ئەکرێنەوەلە دادگای استیئناف بە سیفەتی تەمییزی لە ماوەی (7) رۆژدا لە رۆژی دوایی دەرچوونی بڕیارەکەوە. بەڵام ئەگەر ئەم بڕیارانە لە دادگای باری کەسێتی یان دادگای(موادی کەسێتی) یان دادگا ئیستیئنافیەکان دەربچێت بەسیفەتی ئەسڵی تەمیزەکەی لە دادگای تەمییز ئەبێت نەك ئیستیئناف بە سیفەتی تەمییزی.ئەم بڕیارانەش بریتین لە :

1. بڕیارەکانی دادگای بەپەلە (القضاء المستعجل).
2. فرمانە ولائیەکان (الاوامر الولائية) دوای تانەی تظلم.
3. ئەو بڕیارانەی دەرئەکرێت سەبارەت بە بەتاڵ بوونەوەی تیانوسی داوا (ابطال) یان وەستاندنی دادبینی (وقف السير) بەرپەرچ دانەوەی یەکخستنی دوو داوا بەرپەرچ دانەوە بەهۆی تایبەتمەندی دادگاکان,بڕیاری بەرپەرچدانەوەی (محكمين).

## تانەی تەمییزی لەبەردەم دادگای تەمییز

رکەبەرەکان ئەتوانن تانە تەمییزیەکانیان پێشکەش بە دادگای تەمییز بکەن لەو بڕیارانەی کە لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوە و بەرایی و باری کەسێتی دەرئەچێت لە ماوەی (30) رۆژدا لە رۆژی دوایی دەرچوونی ئاگادارکردنەوە.

## چۆنیەتی پێشکەش کردنی تانەی تەمییزی

ئەوەی شایەنی ووتنە دادگای تەمییز دادگای ووردبینیە نەك دادگای دادبینی . واتە دانیشتن ودادبینی (مرافعە)ی تیا ناکرێت.

4. ئەم تانەیە بەهۆی (عریضة)یەکەوە یاراستەوخۆ بۆ دادگای تەمییز یان بەهۆی ئەو دادگایەوە کە بڕیارەکەی دەرکردووە یان بەهۆی دادگای شوێنی دانیشتنی داواکاری تەمییز پێشکەش بە دادگای تەمییز ئەکرێت.ئەبێت تیانوسەکە ناوو شۆرەتی رکەبەرەکانی تیابێت و کورتەیەکی بڕیاری دەرکراو پاشان ئەبێت هۆکانی نادروستی و ناراستی بڕیارەکان بگرێتە خۆ.

ئەگەر بڕیاری دەرکراو شیاوی تێهەڵچوونەوەو تەمییز بوو وە ڕێی تێهەڵچوونەوە نەگیراو ڕاستەوخۆ تەمییز کرایەوە پێویستە (استشهاد)ێك یانی پشتگیریەك لە دادی ئیستیئنافەوە هاوپێچی تیانوسەکە بکرێت کە تانەی تێهەڵچوونەوەی لێ نەدراوە.دوای ئەوەی دادنوس لەسەری ئەنوسێت ڕەسمی لێئەدرێت کە بریتیە لە هەمان بری ڕەسمی داواکە دوای ئەوەی تیانوسی تەمییزەکە پەیوەست ئەکرێت بە پەراوەکەوە ئەنێررێت بۆ دادگای تەمییزو لە سجل دا تۆمار ئەکرێت و ژمارە وەرئەگرێت و ووردبینی تیا ئەکرێت. ئەگەر پێویست بوو هەردوولا بانگهێشت ئەکەن بۆ پرسیارو روونکردنەوە لە هەندێ لایەن و رووەوە.ئەم حاڵەتە لە ژیانی (عملی)دا زۆر کەمە.

نابێت داواکاری تەمییز هیچ داواو دەفع و بەڵگەیەکی تازە بۆ یەکەم جار لەبەردەم ئەم دادگایە لە تیانوسی تەمییزەکەدا پێشکەش بکات بێجگە لە دەفع کردن بە رکەبەرایەتی وتایبەتمەندی و یەکلابوونەوەی پێش وەخت (الخصومة والاختصاص وسبق الفصل) لەبەرئەوەی ئەم دەفعانەلە سیستەمی گشتین وحیکمەتی ئەوەی کە قەدەغە کراوە لەسەر داواکاری تەمییز دەفعی تازەو بەڵگەی تازە بۆ یەکەم جار پێشکەش بکات چونکە لایەنی بەرامبەر ئاگای لەو دەفع و بەڵگە تازانە نیە تا بتوانێت وەڵاّم بداتەوە بەمەش دادگا لە چوارچێوەی دادگای ووردبینی دەرئەچێت و ئەبێت ئەچێتە خانەی دادگای بابەت (محكمة الموضوع) دوای تەواو بوونی ووردبینی دادگا یەکێك لەم بڕیارانە دەرئەکات:

1. ڕەت کردنەوەی تیانوسی داواکە ئەگەر لەدوای تێپەربوونی ماوەی یاسایی پێشکەش کرابوو یان هۆکانی تەمییزی نەگرتبووە خۆ.
2. پەسەند کردنی بڕیاری تەمییزکراو ئەگەر بەپێی یاسا دەرکرابوو.
3. ئەگەر بڕیارەکە بە پێچەوانەی یاساو نادروست بوو ,پوچەڵی ئەکاتەوەو دۆسیەی داواکە ئەنێرێتەوەبۆ دادگای بابەت بڕیاری تیا بداتەوە سەرلەنوێ.
4. ئەگەر دادگای تەمییز بڕیارەکەی پوچەڵ کردەوە بەهۆی بوونی هەڵەو نادروستی یاسایی و توانرا یەکسەر یەکلایی بکرێتەوە بەبێ ئەوەی بنێردرێتەوە بۆ دادگای بابەت (محكمة الموضوع) بۆئەوەی ئیجرائاتی تری تیا بکرێت پێویست بە گەراندنەوەی دۆسیەکە ناکات و پوچەڵی ئەکاتەوە لای خۆیەوەو بڕیاری تیا دەرئەکات.بڕیارەکەشی تەنها شیاوی تانەی راستکردنەوەی تەمییزیە.

## پابەندبوون و پابەند نەبوون

بۆ هەندێ دادگاو لە هەندێ بڕیاردا هەیە پابەند بێت بە بڕیاری تەمییز کە بڕیاری دادگای پوچەڵ کردووەتەوە,بەڵکو سوور ئەبێت لەسەر هەمان بڕیاری خۆی,ئەم حاڵەتە پێ‌ئەوترێت (اصرار).هەندێکی تریش مەجالی سووربوونی تیا نی یەو ئەبێت گوێرایەڵی بڕیارە تەمییزیەکە بێت وپێی ئەوترێت (واجب الاتباع) کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە جیائەکرێتەوە:

1. ئەگەر دادگای تەمییز بڕیاری دادگای باری کەسێتی پوچەڵکردبۆوە,ئەم بڕیارە (واجب الاتباع)ە وئەبێت ئەودادگایە گوێرایەڵی ئەو ڕێوشوێن واجرائاتە بێت کە لە بڕیارە تەمییزیەکەدا وێنەی کێشراوە.
2. ئەو بڕیارانەی لە دەستەی گشتی (الهيئة العامة)ی دادگای تەمییز دەرئەچێت بۆ هەموو دادگاکان گوێ رایەڵی پێویستە.
3. ئەو بڕیارانەی لە دادگای تێهەڵچوونەوە دەرئەچێت بە سیفەتی تەمییزی بۆ دادگای بەرایی بە پلەی کۆتایی گوێرایەڵی پێویستی هەیە.
4. ئەگەر بڕیاری دادگای تەمییز لە پوچەڵکردنەوەدا پەیوەندی بە هەندێ (اجرائاتی اصولی)ەوە هەبێت ئەو بڕیارە بۆ دادگای تێهەڵچوونەوەو بەرایی گوێرایەڵی تەواوی هەیە.
5. بەڵام ئەگەر بڕیارە تەمییزیە پوچەڵکراوەکە لەو حاڵەتەی برگەی (4)دا نەبوو ئەو دوو دادگایە دەسەڵاتی گوێ پی٘نەدانی بڕیارە تەمیزیەکەیان هەیەو بۆیان هەیە سووربن لەسەر بڕیاری پێشووی خۆیان واتە (اصرار) بکەن ,ئەم سووربوونە لەلایەن (هيئە عامە)ی دادگای تەمییزەوە جارێکی تر تەماشا ئەکرێتەوە.ئەم حاڵەتە تەنها تایبەتە بە دادگای تەمییز نەك ئیستیئناف بە سیفەتی تەمییزی.

## زاڵ کردن – ترجيح -

جاری وا هەیە ڕوونەدات دوو بڕیاری جیاوازی دژ بەیەك کە پلەی کۆتایی وەرگرتووە لە یەك بابەت و لە نێوان هەمان ڕکەبەراندا دەرچووە,لەسەر داوای سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیە جێبەجێکردنەکان و ڕکەبەرەکان دا دەستەی گشتی لە دادگای تەمییز بڕیارێك زاڵ ئەکات بەسەر ئەوی تردا وفرمان ئەدات بە جێبەجێکردنی حوکمە زاڵ بووەکە بەبێ ئەوی تر.

## وەستاندنی جێبەجێکردن

پیاچوونەوە (تمييز) وەکو بنەمایەکی گشتی جێبەجێکردنی بڕیار ناوەستێت , بەڵام ئەگەر بڕیارەکە پەیوەندی هەبوو بە حیازەو تەسلیم کردنەوەی خانووبەرەو بەتاڵبوونەوەی قەیدی خانووبەرەوە ئەوا بە حوکمی یاسا جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە ئەوەستێت. جگە لەم حاڵەتە دادگای پیاچوونەوە لەسە داوای داواکاری پیاچوونەوە ئەتوانێت جێبەجێکردنی هەر بڕیارێك بوەستێنێت پاش ئەوی کەفالەتێکی بەتوانا پێشکەش بکات بۆ قەرەبۆی هەرزیانێك بەر لایەنی ڕکەبەری بەرامبەر بکەوێت لە ئەنجامی ئەو وەستاندنەدا.

**تێبینی/ 3 نمونەی تیانوس و بڕیار هاوپێچ کراوە.**

ژمارە (6) نمونەی تیانوس و بڕیاری پیاچوونەوەی پێشکەش کراو بۆ دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی تەمییزی. ژمارە (7) نمونەی تیانوس و بڕیاری تەمییزیبۆ دادگای ەمییز لە داوایەکدا کە ڕەسمی (مقوع)ی تیا دراوەو لە تایبەتمەندی دادگای بەراییە بە پلە یەك. ژمارە (8) نمونەی تیانوس و بڕیاری دادگای تەمییز کە لەلایەن دەستەی گشتیەوە دەرچووە.

## پێنجەم / ڕاست کردنەوەی تەمییزی

هەر بڕیارێك لە دادگای پیاچوونەوە یان دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی پیاچوونەوە دەربچێت تانەی لێنادرێت تەنها لەرێگەی راستکردنەوەی تەمییزیەوە نەبێت بە مەرجێك ئەو تانەیە تەنها لە بڕیاری پەسەندکردن بدرێت چونکە بڕیاری پوچەڵکردنەوە جگە لەوەی بەپێی مادەی (214)ە پوچەڵ ئەبێتەوە ئەنێرێتەوە بۆ دادگای بابەت و بڕیاری تری تیا ئەدرێتەوە , ئەو بڕیارە سەر لە نوێ شیاوی تانەی پیاچوونەوەیە.

ئەم تانەیە کاتێك ئەگیرێت کە بڕیارە تەمییزیەکە پێچەوانەی دەقێکی روون و ئاشکرای یاسا بێت وە پێچەوانە دژ بە یەکی تیا بێت لەنێوان خودی بڕیارەکە یان لەنێوان ئەو بڕیارەو بڕیارێکی تری پێشووی هەمان دادگا کە لە هەمان داوادا دەرچووە و لە نێوان هەمان رکەبەرو بەسیفەتی خۆیان لە داواکەدا.بە مەرجێ تیانوسی راستکردنەوەکە هۆکان بگریتە خۆی.

## ئەو حاڵەتانەی راستکردنەوە نایگرێتەوە

سێ حالەت هەیە کە راستکردنەوەی تەمییز نایگرێتەوە:

1. ئەگەر داوای راستکردنەوە لەو بڕیارانە بێت کەلەلایەن دەستەی گشتیەوە دەرچووە چونکە دەستەی گشتی بالآترین دەستەی ووردبینی تەمییزیە لە دادگادا.
2. داوای راستکردنەوە یەکجار قبوڵ ئەکرێت.
3. داوای راستکردنەوە لەسەر بڕیاری راستکردنەوەی پێشتر قبول نیە.

## مـــــــــاوە

ماوەی پێشکەشکردنی ئەم تانەیە (7) رۆژە لە رۆژی دواتری ئاگادارکردنەوە بە بڕیاری تەمییزی وە لەهەموو حاڵەتێکدا ئەو ماوەیە کۆتایی دێت پاش تێپەربوونی شەش مانگ بەسەر دەرچوونی ئەو بڕیارەی نیازی راستکردنەوەیە.

## چۆنیەتی پێشکەش کردن

بەهەمان دەستوری تانە پێشووەکان بە تیانوسێك پێشکەش ئەکرێت کە هۆکان لەخۆ ئەگرێت لەجیاتی رەسم ,بارمتەیەك دائەنرێت بە بری (3000) دینار ,ئەگەر رەت بووەوە دەست بەسەر بارمتەکەدا ئەگیرێت,خۆ ئەگەر راست بۆوە بارمتەکە ئەگەرێتەوە.

## بڕیار

ئەگەر دادگای پیاچوونەوە بۆی دەرکەوت کە رەخنەکانی داواکاری راستکردنەوە لە شوێنی خۆیدایەو کاریگەرە بەسەر بەشێك لە بڕیارەکە یان هەمووی بەو پێیە بڕیاری راستکردنەوە ئەدرێت.

خۆ ئەگەر دەرکەوت داواکە لەدوای ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە یان ئەو هۆیانەی تیا نیە کەلە مادەی (219)دا باس کراوە, بڕیار ئەدرێت بەرەت کردنەوەی داوای راست کردنەوەکە.

## جێبەجێکردن

راستکردنەوە رێوشوێنی جێبەجێکردن ناوەستێنێت تەنانەت ئەگەر پەیوەندی بە خانووبەرەوە هەبێت ,تەنها لە حاڵەتێکدا کە دادگای پیاچوونەوەکە راستکردنەوەکە ئەبینێت بڕیاری وەستاندنی جێبەجێکردن بدات بەپێی ئەو دەسەڵاتە رەهایەی مادەی (53)ی یاسای جێبەجێکردن داویەتی بە دادگاکان.

## شەشەم / رەخنەی کەسانی جیا – اعتراض الغیر –

هەموو کەسێك کە بەرژەوەندی هەبێت لە داخل بوونی دا لە داوایەك کە پەیوەندی بەوەوە هەبێت و زیانی لێ بدات ئەتوانێت بەپێی مادەی (69)ی یاسای دادبینی هەتا دادبینی بەردەوام بێت لە قۆناغی بەرایىدا داخل بێت لە داوا بەراییەکەدا بەڵام ئەگەر دادبینی کۆتایی هات و درەنگ پێی زانی یان فریا نەکەوتبوو داخل بێت و بڕیاری دەرکراو زیانی بە مافەکانی و بەرژەوەندییەکانی گەیاندبێت بۆی هەیە تانەی(اعتراض الغیر) بگرێت.

ئەم رێی تانە گرتنە بۆ پاراستن و پارێزگاری کردنە لە مافەکانی کەسانێك کەلەداواکەدا لایەن نەبوون و بەم پێیە نەیان توانی رێی تانەی ئاسایی بگرن لەو بڕیارەی زیانی لێداون.

لەبەر ئەوە نابێت ئەو کەسەی ئەم تانەیە ئەگرێت رکەبەر بووبێت لە داواکەدا یان کەسێکی سێهەم بڕیاری لەسەر درابێت جا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەرگرتبێت یان نا,ئەم تانەیە لە هەموو بڕیاری دادگا سەرەتاییەکان ئەدرێت وەکو دادگای بەرایی وباری کەسێتی وکار (العمل) جگە لە بڕیارەکانی دادگای بەپەلەو فرمانە ولائیەکان چونکە زیان مەند کە لایەن نییە تیایدا ئەتوانێت رێی تظلم بگرێتە بەر.

## شێوەکانی اعتراض الغیر

ئەم تانەیە دوو شێوەی هەیە:

***یەکەمیان/ ئەصلی*** :ئەو تانە باوەیە کە لە دادگاکان دا پێشکەش ئەکرێت لە شێوەی داوایەکی ئاساییدا کە ناوی داواکارو شوێن و پیشەو داوالەسەرکراو(معترض علیه اعتراض الغیر) و پیشەو ناونیشانی تیادایە.

کورتەی ئەو بڕیارەی زیانی لە بەرژەوەندییەکانی گەیاندووە و پەیوەندی بە داواکاری (اعتراض الغیر)ەوە هەیە ئەنوسرێت.ژمارەی تازە وەرئەگرێت ورەسمی ئەدات بەو بڕەی داوا ئەصلیەکە,وادەی دادبینی دائەنرێت ولایەنەکان ئاگادار ئەکرێت لەگەڵ تێبینی کە داواکە لەسەر هەموو لایەنەکانی داوا بنەرەتییەکە ئەکرێت بە داواکارو داوالەسەرکراوەوە.

ئەم تانەیە کە بە داوا پێشکەش ئەکرێت ,پێشکەشی هەمان دادگا ئەکرێت کە داوا بنەرەتییەکەی بینیوە.

*دووەمیان/ لەناكاو* (طارىء): ڕوودەدات كە ڕكەبەرێك بۆ سەلماندن و پشتگیری كردنی داواكەی بەڵگەیەك پێشكەش ئەكات كە بریتی‌یە لە بڕیاری دادگایەك لە ناوەخنی ئەو داوایەدا كە ئەبینرێت,ئەو بڕیارەش زیان بە مافەكان و بەرژەوەندی‌یەكانی ئەگەیەنێت ناچار ڕەخنەی لێ ئەگرێت بە تانەی ڕەخنەی لەناكاو بەمەبەستی بەتاڵ كردنەوەی ئەو حوكمە.

ئەم تانەیە پێشكەش بكرێت لە شێوەی تیانوسێكدا و ڕەسمی لێ ئەدرێت ,ئەبێت لە داوایەكدا پێشكەش بكرێت كە هاوشێوەی پلەو تایبەتمەندی ئەو دادگایە بێت كە بڕیاری تانە لێگیراوی دەركردووە.

بەلاّم ئەگەر بڕیارەكە لە دادگایەكی پە بەرزتر بوو یان تایبەتمەندی‌یەكەی جیاواز بوو,تێ ئەگەیەنرێت كە ئەم تانەیە لەبەردەم ئەو دادگایەدا پێشكەش بكات كە بڕیارەكەی دەركردووە بە تانەی (اعتراض اصلی) ,ئەگەر ئەوەی كرد, ئەوا ئەم داوایەی تر دوا ئەخرێت تا ئەنجامی ڕەخنەكە.

بەلاّم ئەگەر بڕیاری تانە لێدراو لە دادگای هاوشێوەی ئەم دادگایەوە دەرچووە كە پلەو تایبەتمەندێتیان وەك یەكە. دادگا لە دانیشتنێكدا دوای ڕەسم دان لە ڕەخنەكە ئەكۆڵێتەوەو دۆسیەكە ئەهێنێت و لێكۆڵینەوەی تیا ئەكات, ئەگەر بۆی دەركەوت ڕەخنەكەی سەنەدی یاسایی هەیە لێرەوە حوكم ئەدات بە بەتاڵ كردنەوەی ئەو داوایەی حوكمی تیا دەرچووە,دوای ئەوە دادگا ئەگەڕێتەوە بۆ بینینی داوا ئەصلیەكە.بە پێچەوانەوەئەگەر زانرا ڕەخنەی لە ناكاو گیراو تەنها بۆ دواكەوتن و كات بەسەر بردنە, بڕیار ئەدات بە بەرپەرچ دانەوەی ڕەخنەكە.

## جێبەجێكردن

ئەم تانەیە جێبەجێكردن ناوەستێنێت تەنها لەوحاڵەتەدا نەبێت ئەگەر دادگا وای ببینێت كە بەردەوام بوونی جێبەجێكردن زیانی گەورە لە ڕەخنەگر ئەدات دوای پێشكەشكردنی كەفالەت بەپێی مادەی (53)ی جێبەجێكردن.

## مـــــاوە

بۆ ڕەخنەگر هەیە ئەم داوایە پێشكەش بكات تا كاتی تەواوبوونی جێبەجێكردن,ئەگەر جێبەجێكردن تەواو بوو وە دۆسیەی جێبەجێكردن داخرا مافی ڕەخنەگر لەم تانەیەدا ئەفەوتێ.

## بڕیار

كە بۆ دادگا دەركەوت كە ڕەخنەگر خاوەن مافە لەڕەخنەكەیدا ,دادگا پەشیمان ئەبێتەوە لەو بڕیارەی دەری كردووە لە سنووری مافی ڕەخنەگردا دوور لەبەشەكانی تری بڕیارەكە, خۆ ئەگەر مافی ڕەخنەگر هەموو بڕیارەكەی گرتەوە, بڕیار ئەدرێت بە پوچەڵكردنەوەی حوكمە تانە لێ دراوەكە,بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕەخنەگر سەركەوتوو نەبوو لە ڕەخنەكەیدا ,داواكەی بەرپەرچ ئەدرێتەوە و خەرجیەكان لە ئەستۆ ئەگرێت,بڕیارەكەش شیاوی تێهەڵچوونەوەو پیاچوونەوەیە بەپێی داواكە. لەم حاڵەتەشدا ڕكەبەرەكەی بۆی هەیە داوای قەرەبووی لێ بكات بە داوایەكی سەربەخۆ.

﴿نمونەی ژمارە 9 تیانوس و بڕیاری داوای تانەی ڕەخنەی كەسی جیای ئەصلیە.﴾

## الطعن لمصلحة القانون

ئەم شێوەیەی تانەدان لە یاسای مرافعات دا باس نەکراوە ,بەڵکو تانەلێدان تەنها بۆ ئەو کەسانە بووە کە داوایان دۆڕانووە ,داواکاری گشتی هیچ ڕۆڵێکی لە داوای مەدەنیدا نەبوو, بەلاَم یاسای داواکاری گشتی ژمارە (159)ی ساڵی 1979 هەندێ (مبادیء)ی تازەی هێنا کە لە دەسەلاَت وتایبەتمەندی یاسای داواکاری گشتی فراوان کرد سەرەرای کاروبارەکانی لە داوای جەزاییدا مافی بەرگری کردنی پێ بەخشرا لەو داوا مەدەنیانەی دەوڵەت لایەنێکە تیایدا وە هەندێ داوای باری کەسێتی بۆ پارێزگاری کردنی قەوارەی خێزان و منالّ ,هەروەها مافی تانە لێدانی بۆ بڕیاردرا لەو داوایانەدا کە ئامادە ئەبێت تیایدا.

یەکێك لەو (مبدأ)ە گرنگانەی کە یاسا تازەکە هێنای (طعن لمصلحة القانون) بوو کە داواکاری گشتی بەهۆیەوە داوای ڕاست کردنەوەی ئەو حوکم و بڕیارانەی کە دادگاکان دەریان کردووە و لەسەر پێشێل کردنی یاسای (خرق القانون) بنیات نراوەو لەوەو پێش هیچ لایەکیان واتە لایەك لە لایەکانی داواکە تانەیان لێنەداوە لە ماوەی دیاری کراوداو پلەی کۆتایی وەرگرتووە بەلاَم لەبەر ئەوەی کە حوکمەکانی (طعن لمصلحة القانون)لە یاساکەدا تەم و مژاوی بوو ئاراستەی جیاجیای لە دادگاکانی تەمییز دروست کردبوولە کاتی بینینی تانەی (طعن لمصلحة القانون) بۆیە جارێکی تر یاسادانەر مادەی (30)ی یاسای (ادعاء عام) گۆری بە یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 1987,ئەم مادەیەی هاتە شوێن کە ئەڵێت:

یەکەم / سەرۆکی داواکاری گشتی لە سنووری یاساو ڕێنماییەکان دا ئەتوانێت هەر ڕێوشوێنێك بگرێت کە نەهێڵرێت یاسا پێشێل بکرێت.

### مەرجەکانی الطعن لمصلحة القانون ئەمانەن :

1. ئەم تانەیە تەنها لەلایەن سەرۆکی داواکاری گشتی پێشکەش دەکرێت.نە داواکار نە جێگری داواکاری بۆی نیە ڕێوشوێنی ئەم تانەیە بگرێت.
2. ئەم تانەیە لە بڕیاری دادگاکان ئەگیرێت جگە لە دادگا جەزائیەکان.
3. ئەبێت ئەو بڕیارە پەیوەندی بە بەرژەوەندی دەوڵەت ومالّ و موڵکی دەوڵەتەوە هەبێت یان پێچەوانەی سیستەمی گشتی (النظام العام) بێت.
4. ئەم تانەیە پێشکەش ناکرێت ئەگەر لایەنەکان پێشتر تانەیان لێدابێت.
5. ناکرێت ئەم ڕێیە بگیرێت ئەگەر ماوەی (3) ساڵ زیاتر بەسەر مێژووی وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکەدا هاتبێت.
6. ئەگەر ڕێوشوێنی تانەدان مابێت ,ئەم تانەیە پێشکەش ناکرێت.

## مەبەست لە خرق القانون چی یە..؟

سەرپێچی یاسا کە زیانی گەورەی بۆ سەر بەرژەوەندی گشتی لێ بێتەوە وەکو موڵك ومالی دەوڵەت و سەرپێچی سیستەمی گشتی و سەرپێچی یاسای باری کەسێتی کە پەیوەندی بە حەلاڵ و حەرامەوە بێت.

## سیستەمی گشتی چی یە...؟

حوکمەکان پەیوەندیدار بە باری کەسێتی و ئەهلیەت و میراث و انتقال ووقف و تصرف لە مالی قاصر و محجوردەوڵت و یاساکانی نرخ دانان و احوالی مەدەنی و ایجار عقار و اختصاصی نەوعی و وظیفی دادگاکان و مەسەلەی دیانەت واستملاك و یاساکانی هاتووچۆو تەلاق و جیابوونەوەو یاساکانی تأمین و جنسیەو تبلیغات.

## چۆنیەتی پێشکەشکردنی ئەم تانەیە

سەرۆکی داواکاری گشتی لەخۆیەوە راستەوخۆ ئەم تانەیە پێشکەش بە دادگای تەمییز ئەکات یان ئەو کەسەی بەرژەوەندی لەم تانەیەدا هەیە و زیان مەند بووە لە بڕیارێك, نوسراوێك ئەدات بە سەرۆکی داواکاری گشتی تیایدا ناوەرۆکی بڕیارو هۆکانی نادروستی و پێشێل کردنی یاساکە ئەخاتە روو,داوای لێ ئەکات دەسەلاتی خۆی بەکاربهێنێ بۆ پێشکەشکردنی ئەم تانەیە.

ئەویش دوای ووردبینی ئەگەر قەناعەتی هەبوو وە وای بینی کە بڕیارەکە پێشێل کردنی یاسای تیایەو مەرجی (الطعن لمصلحة القانون) هەیە لە داواکەدا لای خۆیەوە بە نوسراوێکی خۆی نەك نوسراوی داواکار ئەم تانەیە پێشکەش ئەکات . بەپێچەوانەوە ئەگەر قەناعەتی نەبوو یان مەرج و هۆکان بوونی نەبوو لە نوسراوەکەدا, ئەوا بە نوسراوێك ئەو کەسەی نوسینەکەی پێشکەش کردووە ئاگادار ئەکرێتەوە کە بەرپەرچی داواکەی داوەتەوەو هۆکانی تانە لێدان نییەو ئەو تانەیە پێشکەش بە دادگای پیاچوونەوە ناکات.